

# ئەو فیشەکەی مێشکی پژاند..

بەهزاد حەوێزی

جەنگ جگە لە کوشتن و کوشتار و ماڵوێرانی هیچ مانا و یاسایەکی تری نییە، خولیاداران و هەڵگیرسێنەرانی جەنگ ئەوانەن، کە مەرگدۆستن، بەڵام ئایا ڕاستە هەر وەک فرۆید دەڵێ مەحاڵە ڕەگی توندوتیژی و جەنگ بنبڕ بکرێ، لە بەرئەوەی من ڕەگوڕیشاڵی جەنگم لە خودی تەبیاتی ئادەمیزاددا دیوە، دەکرێ ئەو تەبیاتە بە نەخۆشی و دەردێکی دەروونی ناوببەین، شپرزەیی و دیوە نەرێییەکەی ڕەفتاری ئادەمیزاد لە ڕووی دەروونییەوە، لە ڕووی پێوەندی لە نێوان سادیزم و مازۆخیزمدا.

داخوا شەڕ هەمیشە پەشیمانی بە دوادا نەهاتووە، بەسەدان شەڕ مێژوویان لەکەدار کردووە و دواتر لە ئاکامدا ئاگرەکە خامۆش بووەتەوە و ئاسەواری خۆڵەمێشەکەیشی نەماوە، ئەی ئەو هەموو قوربانی و کاولکارییە لە پای چی! لەبەرچی کەسێک نییە وانەیەک لەو ئەزموونە تاڵ و جەرگبڕە وەربگرێ؟.

ئەو بە دەم ئەو بیرکردنەوە و غایەلانەوە بوو، یان خەو بردییەوە، هێندەی پێ نەچوو دەستێک بەسەر شانیەوە ڕای تەکاند (هەڵسە، کوڕم، ئەوە خەوتوویت ئێرە هەوەڵین سەنگەری شەڕە، ناترسی، دوژمن زەفەرت پێ ببات)، چاوەکانی کردەوە و بینی وا بەرپرسە سەربازییەکەی بە سەرسەریەوە وەستاوە، هیچی نەوت، وەلێ لەدڵی خۆیدا دەمێک بوو پرسوڕای ئەوەی کردبوو چۆن چۆنی دەرفەتێک بقۆزێتەوە تا ڕابکات.

لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا، بایەکی پاییزی نائومێدی هەڵیکردبوو، ناوبەناو تەپوتۆزی ئەو

ناوە وشکەڵاتووەکەی دێنا و لە دەموچاوی ئەو سەربازانەی هەڵدەسوی، نە مانگ، نە ئەستێرەیەک، نە ڕۆشنایی، تەنانەت جگەرەیەک نەدەبینرا، وەک خۆڵی مردووی بەسەرداکرابێ ئەو بەرەیە وادەهاتە بەرچاو.

دێتەوە یادی، جارێکیان حەمەی حەلاق وتبووی دەبێ ڕۆژێک دابێ تفەنگەکانمان بە لکی دارێکەوە هەڵواسین، ئیتر بگەڕێینەوە نێو باغ و کێڵگە و ژیانە سادە و ساکارەکانمان، ئەوە تەنیا خۆزگەیەک بوو، بەڵام جەنگ پێی ڕەوا نەبینی!.

چارەنووسی نادیار جڵەوی دەست و تفەنگەکەی گرتبوو، هۆش و گۆشی شێلوو، ئاخۆ کەی ئەو دەرفەتە بێت، سەری خۆی بەرەو کەنارێکی تری بێ ناوونیشان هەڵگرێ.. بێ ناسنامەی هەبوون و بە بێ زێدی ڕەسەن.

هەر گزنگی دا، دەنگی فڕۆکە جەنگییەکان دەهات، ئەوسا بایەکەش کپ بووبوو، بەڵام هێشتا جێدەستی بە سەروسیمای چەکدارەکان دیار بوو، ئاخر دەبوایە ڕەنگوڕوویان وەک ئەو خاک و خۆڵە بێت تا نەکەونە بەر نیشانەی نەیارانیان و نەیانپێکن.

کە دەستی دایە ئاوێنە شکاوەکە و لەسەروسیمای خۆی ڕاما، زەردەیەکی بێ مانا ڕوخساری داگرت، لەگەڵ خۆیدا وتی (ئێمە لە خۆڵەوە بۆ خۆڵین)، دەنگە دەنگ پەیدا بوو، کاتی نانی بەیانییە، لەو دەمەدا دەنگی تیژڕۆی فڕۆکەیەک تەنگەتاوی کردن، هەر بابایە و بە لایەکدا ڕای کرد، ئەفسەرێک خۆی خستە نێو بەرمیلی زبڵەوە، هەرچی ئەو بوو لە دەوروبەری ڕوانی، تەنیا دەنگ و ترساندن بوو، جارێکی تر دۆخەکە هێور بووەوە.

دەمەو نیوەڕۆکەی، جارێکی تر ژاوەژاو پەیدابووەوە و وا چەند فڕۆکەیەک لە دوورەوە دیارن، دیارە دەیانەوێ ئەو شوێنە بۆردوومان بکەن، ئەو کە لای زرێپۆشەکە بوو، ڕای کردە ناوی و لە ناوەڕاستی لە شوێنی خۆی دانیشت، هەرچی پەنجەرە و زەلەفەی زرێپۆشەکە بوو دای خست، ئەوجا ڕوانی وا لە ئاسماندا دوو فڕۆکە خەریکە نزیک دەبنەوە، هێندەی نەبرد چەند بۆمبایەکیان خستە خوارەوە، ئەویش بە پەلەپڕووزێ بە هەردوو چەکی بەکەتە و دۆشکەی سەر زرێپۆشەکە، دەستی بە تەقە کرد، لەگەڵ بۆردومانەکەشدا زرێپۆشەکە دەتوت لانکە دەهەژایەوە.

کە دەنگی تەقە نەما، دەریچە بازنەییەکەی کردەوە و سەری هەڵبڕی، بینی دەوراندەوری یەک پارچە بۆن باروت و تۆزوگەردداوە، لەولاوە چرەدووکەڵە و بە لایەکەی تر، چاڵێکی قووڵ تازە هەڵکەنراوە، ئەوجا دابەزی و سەیری کرد چەند فیشەکێک لەبەردەم ئۆتۆمبێلە سەربازییەکە کەوتوون و نەتەقیونەتەوە، تومەز ئەو گوللە دۆشکانە کۆن و هی ساڵانێک پێش ئێستا بوون و باروتەکەیان بێکەڵک بووبوو.

شەو ڕاشکا، ئەو هەر بیری لای ڕاکردن بوو، کەی بگەنە بەرایی بەرەکە و لەگەڵ جەنگێکی گەرموگوڕدا بە هەر جۆرێک بێت خۆی بدزێتەوە و بگاتە بەرەکەی ئەوبەر و خۆی بەدەستەوە بدات و پێیان بڵێ من لە یەکەم ڕۆژەوە دژی ئەو جەنگەم، من کەسێکی ئاشتیخوازم و هەزاران نەفرەت لە شەڕ و کوشتار بێت، من بە دەست خۆم نەبوو ڕاپێچی ئەو شەڕە نەگریسە بێ مانا و چاوەڕوان نەکراوە کرام، من دژی ئەو ڕژێمەم، کە شەڕی دژی ئێوە و میللەتەکەمان هەڵگیرساند، من باش دەزانم شەڕ ماڵوێرانییە و دەوڵەتانی زلهێز بەرپای دەکەن و ئێمەمانانی پێ بێ هێز دەکەن تا بەیەکجاری لە ناومان ببەن.

لەو کاتەشدا دیار بوو لە ناو زرێپۆشەکەوە هەستی دەکرد وا ئەو هێزە بەرەو پێشەوە

جووڵە دەکات، ئیتر لە مێشکی خۆیدا هەر خەریک بوو پلانی ڕاکردن ڕێک بخات و چەند وشەیەکی فارسیشی دەزانی، کە ڕەنگە بە کەڵکی بێن، بۆیە لەگەڵ خۆیدا بە چپەوە دەیگوت و دەیگوتنەوە، ئاخر ئەوانیش، کە دەیانزانی کوردە، بۆیە لەهەر جێگە و شوێنێک بە فارسی نووسرابوایە یەکسەر پێیان دەگوت بۆمان بکە بە عەرەبی، تۆ فارسی دەزانی چونکە کوردی!.

ئەو سەربازانەی ناو زرێپۆشەکە کە ژمارەیان چوار کەس بوو، وایان دەزانی ئەوە لە ترسان نزاودوعا دەکات، چونکە نە تێی دەگەیشتن، نە بە خەیاڵیشیاندا دەهات ڕۆژێ لە ڕۆژان بیر لە ڕاکردن بکاتەوە، ئاخر ئەوان لە ڕێی گوتار و ڕێنمایی سیاسییەوە ئاوا مێشک و دەماغیان شۆردرابوو، وەک بەردی دامە و کۆیلە و بتیان لێ هاتبوو، هەر بۆیەش تادەهات یەک بەدوای یەک دەبوونە قوربانی و سووتەمەنی جەنگ.

دنیا ڕووناک بووەوە، بیستی وتیان هێرشکردن دەستی پێ کردووە و ڕووە و ڕووباری کارون دەڕۆن، ستراتیجیەتی جەنگێکی ئاوا بێ دەرەنجام، بێگومان شکست دێنێ، بەڵام چونکە هێندەی کەرەستەی بەردەوام بوونی هەیە، بۆیە هێشتا کاتی ماوە و قوربانییەکانیشی بەردەستن.

خۆرەتاوێکی زەرد و کز بەری ئاسمانی گرتبوو و وێڵ و سەرگەردانی کردبوو، ناوبەناو لەدوورەوە نیمچە گەردەلوولێک هێستریانە هەڵی دەکرد و خامۆش دەبووەوە، لە ناو زرێپۆشەکە دەتوت یەکەم ڕۆژی پرسەیە، هەریەکە لە جێگەی خۆی مات و بێ هەستوخوست، وەک بڵێی چاوەڕوانی مەرگێکی ناوادە بکەن، بەڵام کەس نەیدەزانی کامیان بەرەو دۆزەخ مل دەنێ.

لە ناکاو لە هەموو لایەک زرمەی تەقە و بۆمبا و تۆپ دەنگی دەدایەوە، شەڕێکی ڕووبەڕوو بوو، دەبوایە هێزەکەی ئەوان ئەمڕۆ لەو زێیە بپەڕنەوە، ئاوا فەرمانیان پێ کرابوو، بەڵام هێزەکەی ئەوبەریش بەهەمان شێوە پێشتر ئامادە و تەیار بوو، بۆیە هەر زوو شەڕ گەرم بوو، شوفێری زرێپۆشەکە پیاوێکی ڕەشتاڵەی باشوور بوو، کە خزمەتی یاسایی خۆی تەواو دەکات شەڕی بەسەر دادێ، ئیتر پێڕاناگات پشوویەک بدات، جارێکی تر دەیگەڕێننەوە بەرەکانی شەڕ، هەر بۆیەش زۆر بە حەماسەت سەری دێنا و دەبرد، ئیتر بەرگەی ئەو بێدەنگییەی نەگرت، بۆیە کردییە هاتوهاوار و جوێندان بە ئێرانییەکان، دەتوت لەسەر میراتی باوکی شەڕ دەکات.

ئەو، کە دەبوایە لە جێگەی خۆی دابنیشێ، کە هەم هەواڵگر و هەمیش دەبوایە بە دۆشکەکە تەقە بکات، بەڵام ئەو کاتە لە پشت شوفێری زرێپۆشەکە دانیشتبوو و خۆی مت کردبوو، بۆیە شوفێری گۆڕین زرێپۆشەکەی ڕاگرت و دەستی بە جوێندان و هەڕەشە کرد، ئەوجا بە پازێک خۆی هەڵدایە سەر کورسییەکەی ناوەڕاستی زرێپۆشەکە و دەستی بە تەقەکردن کرد، ئەوجا گەڕایەوە شوێنی خۆی و دەستی خستەوە سەر ستێرنەکە.

زرێپۆشکە هەر وەستابوو، کەس نەیدەزانی چی و چ دەقەومی، دۆخەکە چۆنە و چی لێ دێ، شوفێری ڕەشتاڵەش، کە حەجمینی نەبوو دەتوت جیوەی تێکراوە هەر سەرەتاتکێی بوو، دەیوت ئێوە ترسنۆکن، نە تەقە دەکەن، نە هیچ دەڵێن، هەر لەو کاتەی ئەو بەدەم قسەکردنەوە جوێنی دەدا و هەڕەشەی دەکرد، لەناکاو فیشەکێک بەر سەری کەوت و نقەی لێبڕی و کەوتە سەر ئەرزەکە و مێشکی پژا و خوێن چۆڕاوگەی بەست، بەڵام ئەوە تەنیا فیشەکێک نەبوو بەر مێشکی کەوت، بەڵکە دەستاڕی جەنگ بوو ڕۆحیشی هاڕی!.